# هۆشیاریی تەندروستی عەقڵی و دەروونی بۆ کارمەندانی چاودێری تەندروستی

کۆدەکە سکان بکە و تەماشای ڤیدۆکان بکە لەسەر چۆنێتی دەستنیشانکردن وڕەوانەکردنی نەخۆش کە نیشانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە

تەندروستی عەقڵی بە قورسی کار دەکاتە سەر تەندروستی و سەلامەتی گشتی خەڵکی. کارمەندانی چاودێری تەندروستی دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە لە هێڵی پێشەوە بن بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکان و یارمەتیدانی چارەسەری ئەم کێشانە.

## هەنگاوی ١ ئاماژە دیاریکراوەکانی تەندروستی دەروونی بناسەوە و ئەوەش کە چ کاتێک ڕەوانەی دەکەیت

**ا** گەر چەندین نیشانە لەمانەی خوارەوە ڕوویاندا، هەڵسەنگاندن بکە

- گۆڕان لە خەو و ئارەزوو بۆ خواردندا
- گۆڕانی میزاج
- کشانەوە
- کێشە لە بیرکردنەوەدا
- بێباکی
- پەشۆکاویی

**ب** گەر نیشانەکان کێشەیان لە ژیانی ڕۆژانەی نەخۆشدا دروست کرد، ئەم لیستەی خوارەوە هەڵبسەنگێن

- چەندێتی دروبارەبوونەوە
- ماوە
- کێشەی کارکردن
- توندی

**ج** ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی نەخۆش ڕووبەڕووی تێکچوون یان شێوان، پاڵپشتی دەروونی و ڕەوانەکردن پێویستە

بە تایبەت بۆ ئەم نیشانانە بگەڕێ و ئەو کەسانەی هەیانە، ڕەوانەیان بکە:

- پێشتر نیشانەی نەخۆشی دەروونی هەبووبێت (نیشانەکان بە ئەگەری زۆرەوە دەکرێت خراپتر بن)
- بیرکردنەوە و هەوڵی خۆکوژی




## هەنگاوی ٢ پالپشتی لەو نەخۆشانە بکە کە نیشانە و ئاماژەی نەخۆشی دەروونیان هەیە

کاتێک خەڵکی پاڵەپەستۆی دەروونیان لەسەرە و پەشۆکاون، زۆرجار پێویستیان بە کەسێکە کە گوێی بۆ بگرێت. ئەمانەی خوارەوە چەند ئامۆگارییەکی سادەن بەڵام کاریگەرن:

| گوێگرتنی چالاک | | وەڵام بدەوە | |
|---|---|---|---|
| **ئەو شتانەی دەبێت بیانکەیت** | **ئەو شتانەی نابێت بیانکەیت** | **ئەو شتانەی دەبێت بیانکەیت** | **ئەو شتانەی نابێت بیانکەیت** |
| • هەوڵ بدە باشتر لە ئەزمونی نەخۆشەکە تێبگەیت<br>• تەواوی ئاگای ببەخشە بێ پچڕان<br>• تا دەکرێت ژینگەیەکی ئارام و تایبەت بدۆزەوە | • هەوڵ بدە دەستبەجێ کێشەکانی نەخۆش چارەسەر بکەیت و ئامۆژگاری پی بدەیت<br>• هۆشت بە لای تەلەفۆن، کۆمپیوتەر یاخود کارەکەتدا ببەیت<br>• گفتوگۆکە لە شوێنێکی قەرەباڵغ و پڕ دەنگی بەرزدا ئەنجام بدەیت | • یارمەتیدەر و ڕاستەقینەخواز (واقعی) بە<br>• دان بە ئەزموونی کەسییدا بنێ<br>• زانیاری ورد بدە و دانی پێدا بنێ کاتێک شتەکە نازانیت | • بەڵێنی ناڕاست بدە<br>• کەسەکە بە ئەوانی دی بەروارد بکە<br>• خەملاندن بۆ زانیاری بکە |

هانی ئەم کارامەییانەی هەڵکردن بدە بۆ یارمەتیدانیان لە بەردەوام بوون یاخود گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی و تەندروست مانەوە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە

- ڕۆتین دروست بکە (خەوتن، خواردن، ڕێگا ڕۆیشتن)
- بەردەوامبوون لە خولیا و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی
- دڵنیابوونەوە لە ئارامبوون لە تەواوی ڕۆژەکەدا
- جوڵە و ڕاهێنانی حەسانەوە

seed foundation
Social Educational Economic Development

seedkurdistan.org